# نەبوونی کتێبخانەیەکی هاوچەرخ کێشەیەکی گەورەی لاوانی حاجیاوا

عبدالرحمان رسول

شارۆچکەی حاجیاوا یەکێکە لەو شارانەی کە هەتا ئیستا کەمترین خزمەتگوزاری بۆ نەکراوەو هیچ سیمای شارستانیو مەدەنی پێوە دیار نییە، دەسەڵاتداران هەرجارەو بە بیانوویەك نارەزایەتیو داواکارییەکانی خەڵکی ئەم شارەیان فەرامۆش کردووە. ئەم شارە هەتا ئێستا کتێبخانەیەکی نییە، کە ئەمە پێویستییەکی زۆر سادەی خەڵکی بەگشتیو لاوانە بەتایبەتی. ئەم شارە بەسەدەها قوتابیو مامۆستای تێدایە، چەندین رۆشنبیرو هونەرمەندو...تاد تێدا دەژی. خەڵکی ئەم شارە زۆر ئارەزووی ژیانی مەدەنیو سکۆلار دەکەن، لاوانو رۆشنبیرانی ئەم شارە چەندین جار بەشێوازی مەدەنیو شارستانی لە هەوڵی دامەزراندنی ناوەندێکی رۆشنبیریدا بوون بۆئەوەی خولیاو بەهرەکانی خۆیانیان تێدا گەشە پێبدەنو کار لەپێناوی بەمەدەنی کردنی زیاتری کۆمەڵگادا بکەن، بەڵام بەهۆی ململانێی حزبیو ئاوڕنەدانەوەی دەسەڵاتداران لە پێداویستیو کێشەکانیان هەروەها هەوڵدان بۆ پەراوێزخستنی لاوانو رۆشنبیران بەشێك بووە لەوەی کە ئەم ناوەندە رۆشنبیرییە دروست نەبێت. بێگومان چەندە کۆمەڵگاکەمان مەدەنیو سکۆلار بێتو چەندە وشیار بێت لەڕووی زانستیو مرۆڤایەتییەوە ئەوەندە کێشەکانی کۆمەڵگاکە ئاسانتر چارەسەر دەبێت. کردنەوەی کتێبخانەیەکی هاوچەرخ واتە بەهرەمەندبوونی لاوان لە کتێب خوێندنەوەو دانانی سەدەها کتێب لە کتێبخانەو دابینکردنی باشترینو نوێترین کتێبو بڵاوکراوە بۆ کتێبخانە هەروەها دابینکردنی کافتریاو هێڵی تۆڕی ئەنتەرنێت بۆ کتێبخانە بۆئەوەی لاوان زیاتر شارەزایی زانستی مرۆڤایەتی ببنو ئاگایان لە گۆڕانکارییە جیهانییەکان بێتو سوودی زۆرتر لە زانست وەرگرن.

لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ئەم ساڵدا لە حاجیاوا لەناو رۆشنبیرانو مامۆستایانو قوتابیانو خەڵکی ئەم شارەدا جموجۆڵێکی فراوان کەوتەڕێو زیاتر لە هەزار ئیمزا کۆکرایەوە بۆ ئەوەی بگەیەنرێتە دەسەڵاتدارانو لێپرسراوانی حکومەتی هەرێم بۆئەوەی بەدەم داخوازییەکانیانەوە بێن. کە دوو خواستی سەرەکی لەخۆگرتبوو:

1–دروستکردنی کتێبخانەیەکی هاوچەرخ.

2– دروستکردنی هۆڵێك بۆ چالاکی رۆشنبیری.

بێگومان ئەم هەنگاوە هەنگاوێکی شارستانیو سەردەمانەیەو لەپێناو بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگادایە. هەربۆیە لەسەر دەسەڵاتدارانو لێپرسراوان پێویستە ئاوڕێکی جدی لەم شارە بدەنەوەو ئەم داواکاریانە داواکاری ئینسانینو مافی رەوای لاوانە. هەقی خۆیەتی بەشێك لەو سەروەتو سامانەی کە بەناوی

ئاوەدانکردنەوەی کوردستان‌و عێراق دەکەوێتە بەردەستی دەسەڵاتدارانی عێراق‌و کوردستان هیچیکە گیرفانیان پڕ هەڵنەئاوسێ‌و زیاتر پارەو داهات کەڵەکە نەکەن، بەشێکی لەم پارە زۆرەی کە ئەمڕۆ لە عێراق‌و کوردستاندا هەیە هەقی خۆیەتی تەرخان بکرێت بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی لاوان‌و رۆشنبیران هەروەها لە هەموو شارو شارۆچکەکان سەنتەرو ناوەندی رۆشنبیری بۆ لاوان دروست بکرێت‌و زیاتر هەنگاو بهاوێژرێت بۆ بەدەستهێنانی تەواوی مافەکانی لاوان.